كۆڕی بەڕێز/ فازل میرانی

# بابەت/ کورد لەنێو رووداوە سیاسیە تازەکاندا

**باری ئێستای ئێراقی فیدراڵ**

بۆ باسکردنی باری دەبێ لە هۆکارەکانەوە دەست پێبکەین بێگومان پەیوەندیی هۆکاریی ئەم بارەی ئێستاش بەهۆی حوکمڕانییەتی دیکتاتۆری بووە لە ئێراق . ئێستا دیکتاتۆرییەت لەئێراقدا نەماوە، بەڵام جێگەی داخە کە دوای نەمانی دیکتاتۆریزم دیموکراسیزم نەهاتە کایەوە. ئێمە هەمووومان ویستمان دیکتاتۆریزم نەهێڵین وتیاشیدا سەرکەوتین ، بەڵام لە هێنانەدیی ئەلتەرناتیڤێکی دیموکرات هێشتا لەسەرەتای رێگا داین ، خۆزگە لەناوەڕاستیش باین، بێگومان ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە یەکێك لەو هۆکارانەش توندوتیژی ئیسلامی سیاسیە، بەڵکو هۆکاری بابەتی ولاوازیی تەیاری دیموکرات و لیبراڵ لە ئێراقدا لەلایەك، لەلایەکی دیکەش تەکنۆکراتەکانی ئەمەریکا و ئێراق ئەمەریکایان بەهەڵە بردەوە بەوەی کە پێیان دەگوت گەر بێنە ئێراق پێویستە مامەڵە لەگەڵ حزبەکان نەکرێ، چونکە کلاسیکن و باویان نەماوە. هزریشیان لە بازاڕی نییە و پێگەیان نامێنێت بۆیە ئێمەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەموو شتێکمان فەراهەمکردووە بۆ ئەوەی ئەم میللەتە لەگەڵ ئێوە دابن ئەو کاتیش بە گوڵ پێشوازیتان لێدەکەن ئەمەش هەڵەیە.

کاری ئیجابیش کراوە ئەم شتانەی کە باسکران واناگەیەنێ کەهەرچی کراوەو نابێ هیچ کام لەم دوو ئەنجامە فەرامۆش بکرێت، ئەگەر لایەنی ئیجابی یان لایەنی سلبی فەرامۆش کرا ئەوکات خوێندنەوەکە راست نابێ، بەڵکو دەبێ باڵانسێك هەبێت، بە دەگمەنیش ئەنجامەکان وەکویەك دەربچن. لادانی دیکتاتۆریزم، دانانی ئەنجوومەنی حوکم، دەستوور هێناکایەی پەرلەمانێك کە میللەتی ئێراق بە زۆرینە تیایدا بەشداربوون، دامەزراندنی حکوومەتێکی بەردەوام بۆ ماوەی 4 ساڵ ، هەموو ئەو خاڵانە سیما ئیجابیەکانی قۆناغی دوای دیکتاتۆریزمن، بەڵام حکوومەتی کاتی ناخرێتە ژێر موحاسەبە پێویستە باس لە حکوومەتی ئێستا بکرێت ئەو حکوومەتە هەڵبژێردراوەی کە پەرلەمان متمانەی پێ‌داوە ، ئەم حکوومەتەش لاوازە، ئەدای باش نییە.

کاریزمایەکی وای نییە کە خەڵکێك یا بەخۆشەویستی یا بەهۆی هێزو دیسپلینێك لەچوارچێوەی یاسا و دەستوور پابەندی بێت و رێز لەبڕیارەکانی بگرێت.ئەمەش بۆچی‌نەبووە؟

1- دڵسۆزی بۆ نیشتمان لەدوای هەموو شتێکەوە هاتووە. سەرۆك وەزیران دڵسۆزی بۆ حزبەکەیەتی، وەزیر بۆ نەتەوەکەی، بۆ مەزهەبەکەی. ئەمەش کلیلی گرفتەکەیە هەر بەرپرسێك بۆ هەر بڕیارێك دەچێ پرسیار بەحزب یا نەتەوە یا مەزهەبی خۆی دەکات کە پابەندی ببێت یانا.

2- دابەشکردنی حکوومەت لەسەر سیستەمی تایفی (محاصصة طائفية) ئەم سیستەمەش تواناکان بەدوور دەخات لەوێش پرسی دڵسۆزی حزبی دێتەکایەوە، ئەم شتە لەسەر کورد و شیعە و سوننە جێبەجێ دەکرێت تەنانەت شیوعییەکانیش، لێرەدا هەر کوتلەیەك خۆی کاندیدکراوەکانی خۆی دەسەپێنێت.

پەرەسەندنی تیرۆر لەئێراقی فیدراڵ بابەتێکی گرنگ کە نابێ لەیادی بکەین ئەویش پەرەسەندن و بەرپا بوونی تیرۆرە لە ئێراقدا ، بەکۆکردنی بەناردنی بۆ دەرەوە،بەهێنانی بۆ ناوەوە (تصدير الارهاب، استيراد الارهاب) دەڵێن ئەمەریکا تیرۆری کۆ کردۆتەوە لەئێراقدا ومافی خۆیەتی، ئەگەر بیەوێ تیرۆر لە قەوارەیەکی دەستنیشانکراو کۆبکاتەوە بۆ لەناوبردنی، باشتر وایە شەڕێکی جیهانی بکات و لەهەر شوێنێك سوپاو سەربازی خۆی هەبێت. ئەو وڵاتانەی کە تیرۆر وەکو ئۆباڵێك لەملیان مایەوە پاشماوەکانیان ناردەوە ئێراق چونکە زەمینەیەکی بۆ ساز کراوە. حکوومەتێکی بەهێز نییە رێگا لە هاتنەوەی ئەم تیرۆرە بگرێ وەکو ئەو دەوڵەتانەی کە پاشماوە کیمیاییەکانیان دەنێرن بۆ وڵاتە هەژارەکان یا بەهۆی نەبونی حکوومەتێکی بەهێز یانیش بە بەرامبەر.

تێکەڵبوونی مقاوەمەو تیرۆر ئێستا جۆرە تێکەڵییەك هەیە لەنێوان مقاوەمە و تیرۆر.ئێمە ناتوانین مافی بەرەنگاربوونەوە یا مقاوەمە لەخەڵك وەربگرینەوە

بەپێی یاساكانی نەتەوە یەكگرتووەكان. ئەم تێكەڵبوونە باری ئێراقی تێكداوە. بەرامبەر بەمە خەڵكانێك لەئێراق بۆ هەر هۆكارێك تێكەڵی تیرۆربوون بەشێكیان وەكو هەڵوێست بەشێكی دیكەش وەكو كاردانەوەیەك بۆ خۆ بەهێزكردن یا شكاندنی بەرامبەرەكەی نەك دوژمنەكەی چونكە من نامەوێ وشەی دوژمن لەنێوان سوننەو شیعە و پێكهاتەكانی ئێراق بەكاربێنم.

بوونی میلیشیاكانی سەدر بوونی میلیشیاكانی سەدر گەورەترین كۆسپە لەبەردەم ئاشتبوونەوەی نیشتمانی،ئەوە حاڵی حازر بەیانی نازانم، هەروەها هۆكارێكن بۆ تێكدانی پەیوەندی نێوان سوننەو شیعەو كورد و ناسەقامگیری باری ئاسایش لەئێراقدا. چونكە ئەوان ئەزموونیان نییە لەكاری سیاسیدا و لەلایەن دەرەوەی ئێراقەوە بەكاردەهێنران ئەمە وەكو فاكتەری دەرەكی. فاكتەری ناوخۆش بۆ وەڵام نەدانەوەیان ئەوەیە حكوومەتی ئێراق نایەوێت یان ناوێرێت. بەمانەوەی ئەم بارەش وەكو خۆی شیعەو سوننەش دەكوژرێن. شیعەی دژە ڕەوتی ئەوان دەكوژرێن جا لیبراڵ بن، دیموكرات، كورد، شیعە. سوننەش لەسەر ناسنامە دەكوژرێن بەبێ هیچ مەرجێك دوا كردەوەكانیشیان ڕفاندنی پتر لە 100 كارمەندی وەزارەتی فێركردنی باڵابوو، دوای ڕفاندنیان شیعەكان ئازادكران سوونەكانیش مانەوە حكوومەتیش وەكو تەماشاكارێك دانیشتووە. حكوومەت توانای بەرەنگاربوونەوەی هەیە، ئاخر بەرفاندنی ئەم هەموو كەسە چۆن هیچ كەسێك نایەتە وەڵام؟ پۆلیس، هەواڵگری، فریاكەوتن ، سوپا، خێرخواز. بێگومان ئەم شتەش كاردانەوەی خۆی دەبێت. ئەمەش یەكێكە لەوفاكتەرانەی كە لایەنی بەرامبەر بەرامبەرەكەی خۆی تاوانبار بكات بەتایفەگەری.

هەڵوێستی وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی عەرەبی وڵاتە عەرەبیەكان هاواریان لێهەستاوەو دەڵێن ئێراق كەوتۆتە دەست ئێران. من شتێكم خوێندۆتەوە كە لێدوانێكی گوتە بێژێكی كۆمكاری وڵاتانی عەرەب بوو ئەوپەڕی سووكایەتیكردن بوو بە ئێراق بە هاووڵاتی ئێراقی كە ئیسرائیل بەمجۆرە سووكایەتی ناكات. لەهەمانكاتیشدا فرمێسكی تیمساحیش بۆ ئێراق دەڕێژن. هۆكاری ئەم قسانەش ئەوەیە كە نوێنەری كۆمكاری وڵاتانی عە رەبی لە كۆبوونەوەكانی بەغدا ئامادە نەبوو. كاكە ئێمەی ئێراقی ئارەزووی خۆمانە داوەتت دەكەین یان نا ئەمە گرفتی ئێمەیە، بەڵام ناكرێ تۆ فەرمانبەرێكی كۆماری وڵاتانی عەرەبی بنێریت بۆ ئەوەی ئێراقیەكان كۆبكاتەوە. لەبنەڕەتدا تۆ ئێراقت بەشكردووە جا بۆ ئەم مافە بەخۆت دەدەیت سووكایەتی بەئێراق و هێزەش نیشتمانیەكانی بكەیت كە ناتوانن بەیەكەوە ئاشت ببن؟ ئەگەر یارمەتیدەر نەبیت بۆ سووكایەتی دەكەیت؟ ئەم هەڵوێستەش لەڕۆژی رووخانی سەددامەوە هەر وایە. هەڵوێستی وڵاتانی عەرەبی هەردەم نادیاربوو بەڵكو هەر نەبوو تازە بە تازە خوا خێری ئەمەریكا بنووسێ كە مەرحەبا لەسووریا دەكات و باڵیۆزخانەی خۆی دەكاتەوە لەبەغدا. ناشكرێ بڵێین سووریا ئەم باڵیۆزخانەیەی كردەوە بەڵكو دەبێ بڵێین ئەمەریكا كردییەوە، چونكە ئەمە بناغەی ڕەزامەندی سووریایە بۆ گفتوگۆكردن لەگەڵ ئەمەریكا.نەبوونی متمانە لەنێوان شیعەو سوننە بەداخەوە هەم سوونەو هەم شیعەش باجی نەبوونی متمانە بەیەكتر دەدەنەوە، لەئەنجامدا هەموو ئێراقیش، چونكە دوو لایەنی گرنگی ئێراق گەر متمانەیان بەیەكتر نەبوو چەقۆكانیان گەیشتۆتە ئێسقان. شیعەكان دەیانەوێ قەرەبووی هەزار ساڵ وزیاتر لەمەوبەر وەربگرنەوە كە چەند غەدریان لێكراوە دەیانەوێ قەرەبوویەكەی وەربگرنەوە لەڕاستیدا ئەمە ناكرێ چونكە زەرەری هەزار ساڵ بە 4-3 ساڵ نادرێتەوە ئەگەر بدرێ ئەم بارەی ئەمڕۆی لێدەردەچێتەوە،چونكە ناكرێ یەكێك دوێنێ غەدری لەتۆ دەكرد تۆ غەدر لەیەكێكی دیكەدا بكەیتەوە وەكو تۆڵە سەندنەوەیەك. یەكێك تۆی چەوساندبێ تۆیەكێكی دیكە بچەوسێنێتەوە. پرەنسیپی (التعامل بالمثل) لە یاسای نێودەوڵەتیدا هەیە لەنێوان دەوڵەتەكان، بەڵام بەم شێوەیە ناكرێ. سوننەكان بوونەتە خودان ئەو تیۆرەی كە دەڵێ یا سفر یا 100٪ هەر مرۆڤێك ئەم خواستەی هەبێت بێگومان لەسفرەكە نزیكە، چونكە ئەگەر بەلەسەد كەمتر رازی نەبێت لە سفرەكە نزیكترە. سوننە یا بەردەوامی حوكمی پێشوویان دەوێ یانیش ڕەتی

واقیعی ئێستا دەکەن. ئەمەش خۆی لەخۆیدا گرفتێکی گەورەیە چونکە باری ئێراق تا بەر لەرووخانی سەددام بیرێکی وا هەبوو کە چیتر تاك حزبی و تاك حوکمی و تاك نەتەوەیی و تاك مەزهەبی قبوولٚ نییە.ئێراقیەکان دوای رووخانی سەددام ئەم شتە قبوولٚ ناکەن چیتر. سوننە لێرەدا هەست بە زەرەری لێدراو (الخساره المركزيه) دەکەن بەوەی کە حوکمیان لەدەستدا و ئێستا شیعە حوکم دەکەن. بێگومان ئەم ململانێیەش زۆر کۆن و مێژوویيە، بەڵام بەم تیژیە نەبووە لە ئێراقدا.

ئاشتبوونەوەی نیشتمانی گشتی هەڵوێستی ئێمەی کوردو سەرۆك بارزانی دیارە لەبارەی پرسی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی. لە کۆنگرەی لەندنەوە لەمانگی دیسەمبەری ساڵی 2007 باسی پرسی لێبوردەیی و ئاشتەوایی دەکرێت لەلایەن سەرۆك بارزانی. سەرۆك بارزانی جەختی لەسەر ئەم پرسە کردەوە دوای رووخانی رژێمیش دەستپێشخەری کرد لەهەولێر لەبارەی ئەم پرسە, چونکە بەپێی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری نایەتەدی و باری ئاسایش و سەقامگیری نایەتەدی و باری ئێراقیش چاك نابێتەوە. راستە ئەم پرسە کۆسپی لەبەردەمدا زۆرە، بەڵام بەواتای ئەوە نییە کە بێ ئومێد بین، چونکە بێ ئومێدی گەڕانەوەیە. ئێمە دەبێ بەدوای ئومێد دا بین هەستی نیشتمانی لە ئێراقدا هەردەم بەرزبووە. لەلای هەموو نەتەوەکان بە بەڵگەی ئەوەی کاتێ ئێمە ئاوارەبووین لەئێراق هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئێراق لەئێران یاری کرد ئێمە لەستادیۆمی

وەرزشی پەهلەوی هانی هەڵبژاردەی ئێراقمان دەدا خۆ حکوومەتی ئێراقی ئێمەی دەربەدەر کردبوو، بەڵام هەستی نیشتمانیمان تیادا هەر هەبوو کە هەستێکی بەرزبوو لەلای هاووڵاتیەکی شکەستخواردەی کۆچکردوو. ئەم هەستە نیشتمانییە و ئینتیمایە ئێستاش دەمانپارێزێ ئێستاش بەرای من هەر ئەم هەستەیە سەنگەری ئێمەی کورد لەم قەوارە فیدراڵییە دەپارێزێ. چونکە بە حوکمی یاسای نێودەوڵەتی کەس ناتوانێ هەڕەشەت لێبکات و کەس نایەتە ناو خاکی تۆ چونکە تۆ سەر بەدەوڵەتێکی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش ئەم شتە قبوولٚ ناکات، بەڵام گەر خۆت لێی جودا کردەوە دەبیت بە نێچیرێك کە هەموو کەس دەتوانێت هەڕەشت لێبکات و دەست لەکاروباری تۆ وەربدات.

**نەبوونی پلانێکی ئەمەریکی تۆکمە** ئێمەی ئێراقی قبووڵمان کرد ئەمەریکا بێت یارمەتیمان بدات بۆ رووخاندنی دیکتاتۆریزم،ئێمە زۆر سەیرمان پێهات کە هێزەکانی ئەمەریکا خۆیان بەهێزی داگیرکەر ناوبرد بەبڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، بێگومان کاریشی بەم بڕیارە هەبوو چونکە گەر ئەم شتە نەبووایە بە بڕیاری شەرعیەتی نێودەوڵەتی نەیدەتوانی هیچ رێوشوێنێك بگرێتەبەر لەئێراق بەهەڵوەشاندنەوەی سوپاو حزبی بەعس و وەزارەتی راگەیاندن. ئەمەریکا لە قۆناغی یەکەم ویستی تەجاوزی حزبەکان بکات بەمەجلیسی ئەعلاو حـــزبی دەعوەو پارتیو یەکێتی، بـــەڵام ویست و هیواو شتێکە واقیع شتێکی دیکەیە.

پرسی هەڵبژاردن شیعەکان زیرەك بوون بە داواکردنی هەڵبژاردن دوای ئەوەی ئایەتوڵلاٚ سیستانی پشتگیری هەڵبژاردنی کرد ئەمەریکا روویکردە وان تەنانەت برێمەر داوایکرد سیستانی ببینێت، بەڵام سیستانی نەیویست. ئەوان وایانزانی شیعە مۆدێرنترن و بەهەڵبژاردن وەستان و بەشدارییان تیادا نەکردو یاخیبوون. لەکۆتاییشدا هەم ئەمەریکا و هەم وڵاتانی عەرەبی و هەم ئەهلی تەسەنون هەستیانکرد کە لایەکی تەرازووەکە بەتەواوی تێکچووە. ئەمانە بوونە کەمینەیەکی یاخیبوو پەنایان بردە بەر تیرۆر ئەمانەی دیکەشبوونە حوکمڕان و ئەمەریکا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. ئەمەریکا دواتر ڕەوتی خۆی گۆڕی بووە بەڕەڤان لەسوونەو لەدژی شیعە بوو لەرووی سیاسی و مەیدانی. لەنەبوونی پلانێکی باش باری ئاسایش تێکچوو هەڵبژاردنی ئەمەریکای بەسەرداهات و کۆمارییەکان شکستیان خوارد. ئەمەش یەکەمین جارە سیاسەتی دەرەوەی ئێراق ببێتە یەکێك لەگرنگترین ئەجەنداکانی هەڵبژاردنی نیوەی دەنگدەری ئەمەریکی قەت گرنگی نەداوە بە پرسە دەرەکییەکان بەڵکو گرنگی بۆ باری ناوەوە بوو. ئێراق ڤێتنام نییە رای گشتی ئەمەریکا وای نیشاندا کەوا ئەمەریکا رووبەرووی ڤێتنامێکی دیکە بۆتەوە

لەئێراقدا. لەراستیشدا ئێراق ڤێتنام نییە چونكە 41 ساڵ لەدوای ڤێتنامە و سەردەمەكەش ئەو سەردەمە نییە. ئێستا ئێمە لەسیستەمی یەك جەمسەردا دەژین ئەوسا سیاسەتەی دوو جەمسەربوو.

لیژنەی بێكەر- هاملتۆن رای گشتی ئەمەریكا وایكرد كە لیژنەیەك پێكبهێنرێت بۆ رزگاركردنی ئەمەریكا لەو بارەی كە تیایدا دەژین. نەك بەكشانەوەی كتوپڕ لە ئێراق بەڵكو لێكۆڵینەوە بێت. ئەندامانی ئەم لیژنەیە دیراسەیەكیان ئامادە كرد بۆ ئەم مەبەستە ئەم لیژنەیەش ئێستا قسەی سەر زاری هەموو لایەكە لەناوەوەو دەرەوەی ئێراق. راپۆرتی ئەم لیژنەیە بە فیكرێكی ئەمەریكی نووسراوە، ئێمە رەخنەی ئەوەمان لێدەگیرا كە ئێمە گوتوومانە ئەمەریكا دۆستی ئێمەیە، ئێمە ئەمەریكامان هێناوەتە ئێرە رایس و رامسفێڵد و جاك سترۆ و پۆڵ دۆلفوێتزمان هێناوەو بە ئێمەیان گوتووە چیتر تەنها شاخ دۆستی ئێوە نییە بەڵكو دۆستی دیكەتان هەیە، ئێمەش یەكێكین لەو دۆستانە. شیعە ئێرانی هەیە، سوننە مەلیك عەبدوللاّ و عەمروموسای هەیە ئەی كورد؟ دۆست بۆ كورد پەیدا بووە ئێمە قبووڵمان نەكردبێ؟ بەرژەوەندیی ئێمە لەگەڵ بەرژەوەندی تاك جەمسەری كۆبۆتەوە. جا ئەم راپۆرتە بۆ رای گشتیی ئەمەریكا نووسراوە بەداخەوە بەشێكی لە(المنطقة الخضراء) نووسراوە بەشێكیش لە دەرەوەی ئێراق، بێكەر و هاملتۆن خۆیان تەكلیف نەكرد بێنە كوردستان لانی كەم ئەزموونی كوردستان ببینن. ئێراق ئێستا دوو گرفتی سەرەكی هەیە گرفتی حوكمە و كێشەی كورد، ئەم دووگرفتە لەهەموو كاتێكدا گرفتی سەرەكی ئێراق بووە، هەردوو گرفتیش چارەسەر بووە و ئەو 3 پارێزگایە بۆ سەقامگیرە؟ دەبا ئەم ئەزموونە بپارێزین و بۆ هەموو ئێراق سوودی لێوەربگرین و فراوانی بكەین، ئەوان پرۆسەكەیان جارێ نەبینیوە و دەیانەوێ فیدراڵیزم تەسك بكەنەوە و بەرەو ئۆتۆنۆمی بچن. من دڵنیام ئەگەر بهاتبانایە كوردستان و بارەكەیان دیباو لەسەربازەكانی خۆیان بپرسیبا كە بارەكە چۆنە لەوانەیە بۆ چوونەكەیان بگۆڕابا و پرۆسەكە بۆ هەموو ئێراق بێت ئەگەر نەكرا با لێرە بپارێزرێت. رای بۆش لەبارەی راپۆرتەكە بێگومـــان بۆش ناتوانێ ئەم راپۆرتە قبووڵ نەكات دوای ماندووبوونی 10 مانگ لەلایەن وەزیری دەرەوەی پێشوو و كۆنگرێسیان،بەڵام ئەو گوتی راپۆرتەكە (قاسی) یە، واتای ئەم قسەیە چییە؟ خۆی دەزانێ بێگومان دوای رووخانی دیكتاتۆریزم دەستوورێك دانرا كە مۆدێرنترین دەستوورە و خەڵك ریفراندۆمی لەسەر كردووە، ئەمانە لەراپۆرتەكەدا فەرامۆش كراوە و داوای پێداچوونەوەی بۆ كردووە.تەنها دوو خاڵی ئیجابی لە راپۆرتەكەلە راپۆرتەكەدا تەنها دووخاڵی ئیجابی تیادا دەبینرێت یەكەمین:دەڵێ دەبێ ئاشتبوونەوەی نیشتمانی هەبێت دووهەمیشیان: باسی باشكردنی باری ئاسایشی ئێراق و پەرەپێدانی دەزگای پۆلیس و دانانی سووپایەكی ئێراقی سەربەخۆ و مەشقپێدراو و یارمەتی حكوومەت بكرێ.بەڵام دواتر دەڵێ ئەگەر حكوومەت كارەكانی باش نەكرد كۆمەكەكەی لێببردرێت یا بڕوخێ، ماوەكەشی هیچ شتێكی دیكەی ئیجابی تیادا نییە.

یەكنەگرتنی پێشنیارەكانی راپۆرتەكە و ڕای ئەمەریكا لە راپۆرتەكەدا یەكنەگرتن هەیە لەنێوان پێشنیارەكان و ڕای ئەمەریكا، لیژنەكە دەیەوێ مەركەزییەت هەبێت و دەستوور بگۆڕدرێت بەم شێوەیە دیكتاتۆریزم دیسان دێتە ئاراوە، بەهیچ شێوەیەك باسی فیدراڵیزم و دەسەڵاتی پارێزگاكان نەكراوە. سەبارەت بەگەڕانەوەی بەعسیەكانیش ئێمەی ئێراقی بەعسیەكانیش ئێمەی ئێراقی بەعسیە بێتاوانەكانمان گەڕاندەوە، ئەوانەی كە بەزۆر بوونە بەعسی و جیاوازیمان كرد لەنێوانیان و بەعسیە زیانبەخشەكان، ئەوان واتە بێكەر و هاملتۆن دەڵێن بەعسیەكان بەشێوەی رەها بەبێ جیاوازی بگەڕێنەوەو ئامۆژگاریشمان دەكەن لە سەرسەخترین دوژمنەكانمان ببورین، سەرسەخترین دوژمنی ئێمەش سەددامە. واتا ئەمەریكا بە دوودڵی ئەم پیاوەی لاداوە و دەبێ رژێمێكی لەوچوو بگەڕێتەوە.

تێكەڵییەك لەنێوان باری ئێراق و وڵاتانی دیكەی عەرەبی هەروەها تێكەڵیەك بەدی دەكرێت لەنێوان باری ئێراق و لوبنان و ململانێی عەرەبیی ئیسرائیلی و ئەفغانستان و فەلەستین و جۆلان وەكو ئەوە وا بێت كە ئێراق هۆكاری ئەم گرفتانەیە. لەكاتێكدا كە

پرسی ئێران و پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی هیچ پەیوەندییەکی بە ئێراقەوە نییە، ململانێی عەرەب و ئیسرائیل بەر لە هاتنی سەددامیش هەبووە، ناکۆکی لەنێوان ئێراق و ئێران هەبووە، ئەوان دەڵێن دەوڵەتانی ئیسلامی با یارمەتی ئێراق بدەن بەڵام وڵاتانی دراوسێ نا. مەبەستیش ئێرانە، دواتر دەڵێ با ئێران و سووریا رۆڵیان هەبێت لە ئێراق لەرووی سیاسییەوە، ئینجا دەڵێ ئێمە دەبێ رەچاوی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ناوچەکە بکەین کە بێگومان هەمووی لەسەر حیسابی ئێراقە، بەڵام چۆن رەچاو دەکرێت؟

تورکیا هەردوو مەسەلەی کەرکووك و مووسڵی هەیە هەروەها دژایەتیکردنی مافی کورد. سووریا و ئێران لەبارەی لوبنان کۆکن بەڵام لەبارەی ئێراقەوە ئەجەنداکەیان جیاوازە.لەبەرامبەریشدا سووریا داوای رژێمێکی بەعسی نەتەوەیی عەرەبی دەکات، ئێران داوای سیستەمێك دەکات شیعە تیایدا کۆنترۆڵی وڵات بکەن. مەسەلەی ئێراق بۆتە خیلافێکی هەرێمی مەسەلەی سوننەو شیعە تەنها ئێراقی نییە بەڵکو لەنێوان ئێران و سعوودییەو وڵاتانی دیکەی عەرەبە. ئێراقێکی فەقیری قوڕ بەسەر چۆن دەتوانێ بەرژەوەندی ئەو هەموو خەڵکە رەچاو بکات؟ کەواتە ئەگەر کەرکووك و مووسڵ بدەینە تورکیاو بەعسیەکان بهێنینە سەر حوکم دەبێ ئەوسا شیعەکان دەربکەین سووریاو سعوودیەش نازانم چۆن لەبارەی رژێمێکی نەتەوەیی (قومی) رێکدەکەون لەئێراق. مرۆڤێك کە تۆزێك عاقڵ بێت ئەم بیرە ناکات بەڵکو گەر بۆش عاقڵ بێت دەڵێ ئەم شتە بەمن جێبەجێ ناکرێت برۆن خۆتان جێبەجێی بکەن.

رۆڵێکی لەرادەبەدەر بۆ سوننە راپۆرتەکە رۆڵێکی لەرادەبەدەر بە سوننە دەدات، تۆ چەند وەکو حاتەمی تەی رەفتار بکەیت لەحسابی سەرژمێریدا هەرچەندە تا ئێستا سەرژمێرییەکی ورد نییە دەزانرێ کە رێژەی سوننە لەئێراق 20٪ ی رێژەی ئێراقە، کوردی لێدەربکە چونکە کورد نابێتە لایەنێك لەریزبەندی مەزهەبی. منیش دڵنیام کە کەمترین لەم رێژەیە. تۆ بە هەموو توانای خۆت بەرگری لە 20٪ دەکەیت و 80٪ ی ئێراق کە کورد و شیعەو تورکمان و ئاشووری و کلدان فەرامۆشکراون ئایا ئەمە دەبێت؟ ئێستا کە 20٪ لەدژی ئەم وڵاتەن وڵاتەکە تێکچووە، جا گەر سبەی 80٪ لەدژی بن چی روودەدات؟ ئێمە بەشداری هەڵبژاردن نەکەین شەرعیەت بۆهیچ حکوومەتێك نابێت، پەرلەمان هەروا دەتوانین دەستوور رەتبکەینەوە. هیچ واتایەك نییە لەم پێشنیارانەی ئەم راپۆرتە.

هیچ پابەندییەك نییە بۆ جێبەجێکردنی پێشنیارەکانی راپۆرتەکە هیچ پابەندییەك نییە نە بۆش و ئیدارەکەی، نە بۆ ئێمە و حکوومەتەکەی ئێمە و ئێراقیەکانیش بۆ جێبەجێکردنی پێشنیارەکانی ئەم راپۆرتە.

ئەمانە راسپاردەن، خەڵکی ئێراق زۆر نا ڕەزاییان بۆ دەربڕیوە هەروەها کەسایەتی گرنگ لە ئیدارەی ئەمەریکا لە بۆشەوە تا ئیدارەکەی و خەڵکی ئەمەریکا لە دژی ئەم راپۆرتەن، هەروا رامسفێڵد، رایس و ژمارەیەك لە ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی کۆماری. چونکە ئەم راپۆرتە دەبێتە هۆی ئاڵۆزترکردنی باری ئێراق و (تەسخیفکردنی) رۆڵی ئەمەریکا لە ئێراق و هێڵ بەسەر هەموو قوربانیەکانی ئەمەریکا دەکێشرێت.

نیگەرانیەك لەنێو خەڵك نیگەرانییەکی زۆرلەنێو خەڵکدا دروستبووە بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم نیگەران نیم، چونکە هیچ پابەندییەکی پێوە نابینم. میکانیزمێکیش نابینم بۆ جێبەجێکردنی تەنها بەدارە سیحراویەکەی مووسا نەبێت. کەواتە باری ئێستای ئێراق بەم راپۆرتە چارەسەر ناکرێت. پێویستە ئێراقیەکان بگەڕێنەوە سەر مێزی گفتوگۆکان و تەنازولات بۆ یەك پێشکەش بکەن ئاوا حکوومەتێکی بەهێز دێتە کایەوە. ئەمڕۆ لەبەغدا کۆشش بەردەوامە بۆ ئەم شتەو وا خەریکە بەرەیەك پێکدێت لەو هێزانەی کە پێیان دەگوترێت (قوی الاعتدال) ئەوانەن کە ئامادەن بۆ چاککردنەوەی بارەکەو بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و نەهێشتنی تیرۆر. ئەمە یارمەتیدەرە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێراق و لەگەڵ ئەوەشداین کە ئەمەریکا هێواش هێواش لەمەسەلە ئەمنیەکان بکشێتەوەو بەپێی رێککەوتنێك لەگەڵ حکوومەتی ئێراق بنکەی خۆی بهێڵێتەوە. شەڕی ناوخۆ ئێستا هەیە

ئێستا ئێراق شەڕێکی ناوخۆ (ئەهلی) تیادایە، ئەگەر ئەمەریکاش ئەم وڵاتەی ئاوا جێهێشت خوێناویترین شەڕ روودەدات. ئێستا رۆژێ
100-50کەس لەئێراقدا دەکوژرێت. ئەوکات رەنگە رۆژێ 100کەس بکوژرێت. دیموگرافی ناوچەو شوێنەکانی دەگۆڕدرێن شیعە سوننە دەردەکات سوننە شیعە دەردەکات. گارنەر بە ئاشکرا بە بۆش دەڵێت کەوا ئەم شتە هەڵەیە ئەو دەڵێ هێشتا سوپاو هێزی شەرکەر بنێرە بۆ ئێراق بۆشەڕکردن لەگەڵ تیرۆر. لەگەڵ میلیشیاکان و سێ فیدراڵیزم بچەسپێنە.

رۆڵی کورد لە قۆناغی ئێستادا پێویستە ئێمە پەیوەندیمان بەردەوام بێت لەگەڵ هێزەکانی (قوی الاعتدال) ئێمە باشە بترسین لەو بارەی ئێستادا بەڵام با خۆمان نەترسێنین، چونکە تۆ گەر بترسی حسابێك بۆ خۆت دەکەیت. کە خۆشت ترساند یاخۆت بەدەستەوە دەدەیت یا رادەکەیت. لەسەردەمی پێشمەرگایەتیش هەر وامان دەکرد. حاڵەتی هەڵچوون نابێ لەنێوماندا بمێنێت. ئێمە دەبێ بەشێوەیەکی مەدەنیانە هەڵسوکەوت بکەین .

لێـدوانەکەی

سەرۆکی کوردستان لێدوانەکەی سەرۆکی کوردستان لێدوانێکی گرنگە، رەخنە لە راپۆرتەکە دەگرێت و خاڵە نێگەتیڤەکانی نیشان دەدات. پارتە سیاسیەکان بەتەنها یا بەدەستە جەمعی دەکرێ یاداشتنامەی پێشکەش بکەن. بۆ نمونە کۆمبەندی نیشتمانی تورکمان یاداشتنامە پێشکەش کرد و نیگەرانی خۆیان نیشاندا بۆ ئەم کارە. برا ئاشووریەکانیش هەروا. رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و پیاوانی ئایینی ئیسلام و مەسیحی ئەوانیش پێویستە رۆڵیان هەبێت. دەشکرێ هەڵمەتی کۆکردنەوەی ئیمزا دەست پێبکەین و بچێتە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لەبەغدا و لەگەڵ خۆی بیبات.

بەکرێگرتنی رۆژنامەگەری ئەمەریکی لەوانەیە ئەم شتەتان لا سەیر بێت، بەڵام ئێمە پێویستمان بە بەکرێگرتنی رۆژنامەگەریی ئەمەریکا هەیە. واتە نووسەر یا رۆژنامەنووسێکی ئەمەریکی کە نووسینەکانی بخوێنرێتەوە یا رۆژنامە ناسراوەکانی وەکو واشنتۆن پۆست و نیۆیۆرك تایمز پارەیەکی باشیان پێبدەین بۆ ئەوەی نیگەرانی ئێمە بگوازنەوە بۆ رۆژنامەکانی ئەمەریکا و رای گشتی ئەمەریکا بزانێ نیگەرانی ئێمە چییە لەم راپۆرتەدا، چونکە ئێمە مەترسیەکی ئێراقیمان هەیە کە وڵاتەکە تێکدەچێ، مەترسیەکی نەتەوایەتیشتمان هێناوە لەدەستی بدەین یا کەمببێتەوە، بەڵام بەرای من لەدەستدان نەماوە، چونکە نە 1975و نە1988 رووبەروومان دەبێتەوە. پرسی کورد لەمە دەربازبوو. کورد ئێستا پێگەیشتووە، سەرکردایەتی سیاسی کوردی سەنگی خۆی هەیەو باری سیاسی جیهانی و ئیقلیمی قبووڵی ئەو شتە ناکات چونکە ئێستا کورد فاکتەرێکی ئیجابییە لەهەموو هاوکێشەکان.

ناردنی شاندی رەسمی بۆ دەرەوە پێویستە شاندێکی جەماوەری کە لە نەتەوەو پێکهاتە جیاجیاکانی کوردستان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بنێرین بۆ واشنتۆن و لەوێ بەشێوەیەکی فەرمی ئەم نیگەرانیە نیشانی واشنتۆن بدەن. دەکرێ لەناوەوەو دەرەوەی ئێراق کۆمبەند دروست بکەین، بەڵام ئەمە بۆقۆناغی داهاتووە، دەتوانین وەکو دەزگاکانی حکوومەت مانبگرین، لەرۆژێکدا 5-10 خولەك لەدەرەوە بوەستین و رۆژنامەگەری بیگوازێتەوە. دواتر دەتوانین خۆپیشاندان ساز بکەین لەناوەوەو لەدەرەوەی کوردستان، بەرای من دەتوانین جالیەی کورد وا رۆشنبیر بکەین کە خۆپیشاندانی گەورە ساز بکەن لەبەردەم باڵیۆزخانەکانی UN و کونسولگەرییەکان.

چارەسەری گرفتی میلیشیاکانی سەدر ئەرکی حکوومەتی ئێستای مالیکی و برا شیعەکان کە خۆیان حوکمڕانن و لیستی ئیئتیلافی شیعە ئەمڕۆ حاکمە پێویستە چارەسەری گرفتی میلیشیاکانی سەدر بکەن. یا پێویستە بێتە نێو پرۆسەی سیاسی یانیش هەڵوێست لەدژیان وەربگیرێ، چونکە ئەوان گەورەترین کۆسپن لەرێگای ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و بەرقەراربوونەوەی ئاسایش و سەقامگیری لەوڵاتدا.

من هیوادارم پارتە سیاسیەکان لەپێشڕەوی ئەواندا هێزەکانی (قوی الاعتدال) کە پارتییە – یەکێتیە – حزبی دەعوەیە- مەجلیسی ئەعلایە- حزبی ئیسلامیە ئەمانە دەتوانن لەبەغدا کۆببنەوە. بەم کۆبوونەوەیەش ئیدیعاکانی کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی پووچەڵ دەکرێتەوە و دەتوانرێ بەرەیەك دروست

بكرێت لەو هێزو لایەنانەی كە باسمكرد بۆ ئەوەی كێ لەگەڵیاندا بێت بەشداری لەپرۆسەی سیاسی ئێراق بكات ئەوەشی لەگەڵیدا نەبێت لەدژی بوەستن. با تێكەڵاویش روونەدات، چونكە هەر ئەوەبوو نەیهێشت پرۆسەی سیاسی پێشبكەوێت لەئێراقدا. ئەم بارە بەهیچ شێوەیەك خزمەت بەئێراق ناگەیەنێت. ئەوەی بیەوێ ئێراق بچەسپێ دەبێ خۆی یەكلایی بكاتەوەو یەكلایی بژی. دواتر گەر ویستمان ئێراق پێشبكەوێت دەبێ 3 هەرێمی فیدراڵی دابەشبكرێ ئەو كەسەش كە فیدراڵیزم بە دابەشكردنی ئێراق دەزانێ ئەوە خۆی گێل دەكات، چونكە هەموو كەس دەزانێ فیدراڵیزم دابەشكاری نییە. ئێمە دەڵێین سیستەمێكی فیدراڵی لە ئێراقێكی یەكگرتوو.

هەموو كوردێك هیواخوازی سەربەخۆییە كوردستان وڵاتێكی فرە نەتەوەیی و ئایینیە و رای جیاوازیش تیایدا دەبینرێت. كەسانێك هەیە لەنێو پارتیدا داوای راگەیاندنی دەوڵەتی كوردی دەكات لەنەورۆز. ئەمەش رای پارتی نییە، چونكە ئێمە گەر بمانەوێ دەوڵەتی كوردی رابگەیەنین لەم بارەی ئێستادا خۆمان دەكەینە پارووێكی ئاسان لەدەمی دوژمندا. چونكە بوونی ئێمە لەنێو ئێراقدا لەرووی ئابووری و بەشەری و یاسایی هێز بە ئێمە دەدات. چونكە كەس ناتوانێ شەڕمان لەگەڵدا بكات. ئەوەی بیەوێ شەڕمان لەگەڵدا بكات شەڕ لەگەڵ ئێراق دەكات. سەربەخۆبوون هیوای هەموو كوردێكە،هەموو میللەتێك حەز دەكەن لە ئازادی و سەربەخۆییدا بژین، بەڵام ئازادی و سەربەخۆیی زەمینەی خۆی دەوێت، لەرووی خۆیەتی و بابەتی. ئێمە بزووتنەوەیەكی ریفراندۆممان كرد ئەوكات 97٪ لەگەڵ سەربەخۆیی بوون. كەواتە كەس نییە لەنێو كورد دا ئەو شتەی نەوێت، بەڵام تۆ شتێكت بوێ، ئەركەكە لەسەر تۆ بێت شتێكە، ئەركەكە لەسەر تۆ نەبێت شتێكی ترە. سەركردایەتی سیاسی بەرپرسیاریەتی خۆی هەیە بەرامبەر بە میللەت، بەڵام پێداویستیەكانی سەربەخۆیی چین؟ فاكتەری نێوخۆیی و دەرەكی. لەرووی دیموكراسیەوە پێگەیشتووبێت و لاری نەبێت لەسەربەخۆبوونت. وەكو چیك و سلۆڤاك كە جیابوونەوە هیچ گرفتێك روویننەدا. هەرێمی كیوبیك لەو ریفراندۆمەدا زۆرینەیان گوتوویانە ئێمە لەگەڵ كەنەداین كەنەداییەكانیش بێگومان لارییان نەدەبوو لەسەر جیابوونەوەیان. ئەم دوو فاكتەرە لەئێراقدا نییە ئێمە ئارەزوومان هەیە. تۆ بەلایەنی كەم دەبێ بۆ مانگ پێداویستیەكانی هاووڵاتیان دابین بكەیت، چونكە تۆ لە 4 لاوە گەمارۆ دراوی وهیچ سنوورێكیشت نییە. هەروەها پێویستە خەڵكانێك پێشتر بەڵێنیان بەتۆ دابێت واتا وڵاتانی دیكە كە پشتگیریت بكەن و پاڵپشتیت لێبكەن و نوێنەری خۆیان بنێرێنە لات. من لەخودان ئەم هەڵوێستانە دەپرسم شتێكتان هەیە وەكو فاكتەری زاتی و بابەتی ئێمە نایزانین؟ با پێمان بڵێن ئێمەش لەگەڵیانین، بەڵام ئەگەر هەر ئارەزووە ئەوا ئارەزووی من لەوان زیاترە، چونكە لانی كەم من 40 ساڵە خەبات دەكەم بۆ كوردستان ئەگەر بارزانیی نەمر زیندووبێتەوە دەڵێ ئەوە من ئەو شتەم نەدەویست، من لەئێوە نەزانتر بووم؟ من نەم ویست ئەم میللەتە تووشی هیلاكەت ببێت. بۆیە دەبێ سیاسەت وەكو زانستێك مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت. تۆ ئەگەر هێزت نەبێت ناتوانی شتێك بكەیت.ئێمە گرفتی بودجەمان لەگەڵ حكوومەتی فیدراڵ هەبوو ویستیان بودجەی كوردستان كەمبكەنەوە ئێمە بە تەوافوق بە 17٪ رێككەوتین جا كەی سەرژمێرییەكی تەواوبوو لەئێراق ئێمە هەرچەند بین رازین. ئەمەیە هێزی مەنتیق. دەبێ ئێمە لەمەسەلە چارەنووسسازەكان یەكبین بەهەبوونی جیاوازی بیروڕا، ئەمەش فاكتەری مانەوەمانە بەقبووڵكردنی یەكتر ئەوكات جیا نابینەوە كە بەرامبەرمان قبووڵكرد سەركەوتنمان مسۆگەر دەبێت.